# پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و کولتووری کۆمەڵگا- توێژینەوەیەکی شیکارییە

# العلاقة بين الاعلام والثقافة الاجتماعية للمجتمع

# The relationship between the media and the social culture of society

**عومەر بەکر وسو[١]، تاهیر حەسۆ زێباری[٢]**

[١،٢] بەشی کۆمەڵناسی ،کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان ، عێراق

Corresponding author's e-mail: omar.wasou@su.edu.krd

## پوختە:

پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن وکولتوور، پەیوەندیەکی تێهەڵکێشە، ڕاگەیاندن بەشی زۆری ڕەنگدانەوەی ئەوکولتوورەیە کە کۆمەڵگا لەسەری دەڕوات و پابەندە پێوەی، لەهەمان کاتدا ڕاگەیاندن وەک قوتابخانەی فرانکفۆرت دەڵێت'ڕاگەیاندن پیشەسازی کولتوورە، واتە کولتوور بەرهەم دێنێت و دەتوانێت کولتوورێک بسڕێتەوەو کولتوورێکی نوێ بۆ کۆمەڵگا بەرهەم بهێنێت. سروشتی ئەم پەیوەندیە و ئاست و شێوازەکەی زۆرجار ناڕوونە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بەدوای دەرخستنی ئەو ناڕونیەدا بگەڕێت بە شێوەیەکی تیۆری لە پەیوەندی نێوان کولتوور و ڕاگەیاندن بکۆڵێتەوە، لە سروشتی پەیوەندیەکە و کاردانەوەی هەریەکەیان لەسەر ئەوی تریان تێبگات. ئامانجی توێژینەوەکە تێگەیشتنە لە ڕەهەندەکان و ئاستی ئەو پەیوەندیە، بە پەیرەوکردنی تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و میتۆدی وەسفی شیکاری.

**چەمکەکان:** ڕاگەیاندن ، کولتوور

## ملخص البحث باللغة العربية:

العلاقة بين الاعلام والثقافة علاقة متشابكة، غالبية الاعلام انعكاس للثقافة السائدة للمجتمع والتي تلتزم بها، وفي نفس الوقت الاعلام كما تقول مدرسة فرانكفورت" الاعلام صناعة الثقافة، بمعنى انها تنتج الثقافة وباستطاعتها محو ثقافة ما وانتاج ثقافة جديدة للمجتمع. طبيعة هذه العلاقة ومستواها ونوعيتها في غالبية الاحوال غير شفافة وتحتاج الى الدراسة.

كما يقوم البحث بدراسة وتفهم طبيعة العلاقة بين الإعلام والثقافة الإجتماعية و تأثير كل منهما على الأخر. والبحث دراسة نظرية، واستخدمت المنهج الوصفي التحليلي.

**كلمات المفتاحية:** الثقافة، الاعلام

| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| DOI Link | http://doi.org/10.32410/huj-10541 |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/٥ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٢ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | omar.wasou@su.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٤ عومەر بەکر وسو ، پ. د. تاهیر حەسۆ زێباری،گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

The relationship between the media and the social culture of society, The Relationship between media and culture is an intertwined relationship. The majority of media is a reflection of the prevailing culture of society and to which it adheres. At the same time, media, as the Frankfurt School says, “media is a culture industry, meaning that it produces culture and is able to erase a culture and produce a new culture for society. The nature, level and quality of this relationship In most cases, it is not transparent and needs to be studied.

This research wants to search behind this ambiguity and show the hidden, and study the theoretical way the relationship between culture and media, and understand the nature of the relationship and the impact of each on the other. The aim of the research is to understand the dimensions and level of this relationship, by following the social criticism theory and the analytical descriptive approach.


**Key Words:** Culture ,Media

## پێشەکی:

بابەتی ڕەنگدانەوە و کاریگەریی ڕاگەیاندن و کولتوور لەسەر یەکتر، جگە لەوەی لێکۆڵینەوەی هاوبەشی نێوان دوو زانستی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسییە، لە باسی کاریگەریی ڕاگەیاندندا لەهەر ڕەهەندێکییەوە باسی بکەیت ناتوانێت بەدەر بێت لە باسی تاک و کۆمەڵگا و کولتوورەکەی، بۆیە ئەگەر باسەکەش باسی هاوبەش نەبێت و، هەر باسی ڕەنگدانەوە و کاریگەری بێت، هەرکام لەم دووانە تەواوکەری یەکتر دەبن، تێگەیشتن لە کاریگەریی ڕاگەیاندن ئاسان نییە بەبێ ناسینی کۆمەڵگا و کولتوور. بە هەمان شێوە ڕاگەیاندنیش دەبێت ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی ڕووداوەکان و شێوازەکانی ژیان و کولتووری کۆمەڵگا بێت. زۆر توێژینەوە کراوە و دەکرێت دەربارەی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگا لە ڕووە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەیەوە، بەڵام کەمتر باسی پەیوەندی نێوان کولتوور و ڕاگەیاندن کراوە، گەرچی ڕەنگدانەوەی هەریەکەیان بۆ سەر ئەوی تریان کەمتر نییە و دەتوانین بڵێین دوو ڕووی تەواوکەری یەکترن لە پڕۆسەی کاریگەریدا. ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەوە بکۆڵێتەوە کە ئایا پەیوەندی هەیە لەنێوان ڕاگەیاندن و کولتووری کۆمەڵگادا ؟ ئەو پەیوەندیە چۆن بووە؟ لە چ ڕوویەکەوە بووە، هەیە، یان نییە؟ بەشێوەیەکی تیۆری، لەوە دەکۆڵیتەوە کە لە چ ئاستێکدایە و شێوازەکانی ڕەنگدانەوەی چۆنە؟

## یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:

### ١- کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە بابەتێکە لە ناڕوونیدایە، یاخود دیاردەیەکە پێویستی بە بەدواداچوون و خستنە بەرباس هەیە، تاکوو لە هۆکار و ڕەهەند و دەرهاویشتە و ڕێگەچارەکانی بکۆڵدرێتەوە، کاتێک توێژەر درک بەو ناڕوونییە دەکات، دەیەوێت بە ڕێکار و میتۆدی زانستی لێی بکۆڵێتەوە.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی کە ڕاگەیاندن وەک زۆربەی سەرچاوەکان بە ئاوێنەی کۆمەڵگا ناوی دەبەن و لە ئەرکە بنەرەتییەکانیشی پاراستنی بەها و کولتووری کۆمەڵگایە، ئەو کولتوور و بەها و ڕەوشە کۆمەڵایەتییانەی کە لە کۆمەڵگادا هەن و پیادە دەکرێن و پێکهێنەری ناسنامەی تاکی کۆمەڵگان، پەیوەندیان هەیە بەو بەرهەمانەی ڕاگەیاندن بەرهەمیان دەهێنێت؟ ئایا پەیوەندی نێوان کولتوورو ڕاگەیاندن چیە؟ سروشت و شێوازی ئەو پەیوەندیانە و کارلێکیان چۆنە؟

### ٢- گرنگیی توێژینەوەکە:

**دەتوانین ئاماژە بە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم ڕووانەی خوارەوە بدەین:**

**أ- لەڕووی تیۆرییەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە، ئەو زانیارییە تیۆری و توێژینەوانەی لەسەر ئەم بابەتە نووسراون دەخاتە ڕوو، ئەمەش دەشێت ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ توێژەرانەی، کە دەیانەوێت لەم بوارەتوێژینەوە بکەن، هاوکات دەشێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ لە پەرتوکخانەی کوردیدا، سەرەڕای ئەمانەش ڕەنکە ببێتە هۆی کەڵەکبوون و بەرەوپێش چوونی زانستی لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و، دەبێتە بنەمایەک بۆ توێژینەوەکانی دوای خۆی کە لە پەیوەندیی نێوان دوو زانستی کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن بکۆڵنەوە بۆ دەرخستنی ئەو پەیوەندییە.

**ب- لەڕووی پراکتیکییەوە:**

ئەو دەرنجامانەی کە لەشیکاری دەق ووتە و زانیاریەکانی ناو ئەم توێژینەوە پێی دەگات، بەتایبەتی کە ئەم ئەم توێژینەوەیە لە ڕەنگدانەوەی کولتوور و ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا لەناو ڕاگەیاندندا دەکۆڵێتەوە، واتە لە کاریگەریی کۆمەڵگا لەسەر ڕاگەیاندن دەکۆڵێتەوە. بۆیە تێگەیشتنێکی سۆسیۆلۆژییانە بۆ ڕاگەیاندن دەداتە پسپۆڕان و توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی. هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە چۆن هەوڵی ڕەچاوکردن و پاراستنی بەها و کولتووره باوەکانی کۆمەڵگا بدەن لە بەرهەمەکانیاندا و هاوکات ڕێگە نەدەن کولتوور و بەها نامۆ و نەشیاوەکانی کۆمەڵگا تێیاندا ڕەنگ بداتەوە.

### ٣- ئامانجی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە ئامانجیەتی وەڵامی هەندێک پرس بداتەوە، لەوانە:

١- دەرخستنی پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و کولتوور.

٢- زانینی ئاست و شێوازو سروشتی ئەوپەیوەندیانە.

٣- میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە.

## دووەم: چەمکەکان:

### ١- کولتوور:

کولتوور ئەو ناوەندەیە کە لە ڕێگایەوە ژیانی خۆمان دەژین، ڕەهەندی زاتیی ئێمەیە، وەک بکەری کۆمەڵایەتی، دارێژراو. چەندین پێناسە بۆ کولتوور (Culture) کراون، بەڵام گشتگیرین و یەکەمینیان ئەو پێناسەیە کە لە لایەن زانای ئەنترۆپۆلۆژیستی بەریتانی (ئیدوارد تایلر) (١٨٣٢-١٩١٧)پێشکەشکراوە. (تایلر) پێیوایە کولتوور بریتییە لە گشتێگی ئاڵۆز لە زانست و زانیاری و هونەر وهزر و بیروباوەڕ و یاسا و ئەخلاق و دابونەریت و هەموو ئەو توانایانەی کە مرۆڤ وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا وەریان دەگرێت. هەروەها ئەنترۆپۆلۆژیستی کۆمەڵایەتی (راڵیف لێنتون) ( Ralph Linton)( ١٨٩٣-١٩٥٣)، کە سەدان پێناسە بۆ کولتوور کۆکردووتەوە، لە کۆتاییدا گەیشتە ئەم پێناسەیەی کە کولتوور بریتییە لە سەرئەنجامی کۆکردنەوەی مەعریفە و ئاراستەکان و جۆرەکانی ڕەفتاری هابەش و گواستراو لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا. (حەسو،٢٠١٣، ل١٢٦-١٢٧.)

بۆیە کولتوور چەمکێکی جووڵاوەیە (مراوغ)، کە لەلایەن هەندێک کەسەوە وا پێناسە کراوە کە هەموو چەمکەکانی ژیانی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت کە ئەزموون کراون لەلایەن ئەوانەی لە ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی دەژین. ( El asmar. Bennett,2003,p.158).

ئەو کۆمەڵە چەمک، یاخود ڕەهەندەی ژیانە کە کۆمەڵێک خەڵک لە شوێنێکی جوگرافیایی دیاریکراودا لەسەری ڕێک کەوتوون و مومارەسەی دەکەن. (Lansford and Dodge,2003,p.170).

بەڵام مرۆڤناسی کولتووری (کلاید کلاکهۆن) Klukhohn، G (١٩٠٥-١٩٦٠)، پێناسەی کولتووری کرد، کە بریتییە لە "هەموو نەخشەکانی ژیان کە بە درێژایی مێژوو پێکهاتووە، لەوانە نەخشە دیار و نادیارکان، عەقڵی و ناعەقڵی، کە لە هەمووکات هەن و ئاراستەی رەفتاری خەڵك دەکەن لە کاتی پێویستیدا .)  بیلز، و هویجر، ١٩٨٦،ل. ١٥٦).

پیناسەی رێکاری بۆ کولتوور: تێکڕای ئەو شتانەیە کە کۆمەڵێک لە خەڵک، یاخود کۆمەڵگە لەسەری رێک کەوتوون، ئیتر دابونەریت بێت، یاسای کۆمەڵایەتی بێت، کە نەوەیەک لە نەوەیەک فێری دەبێت، بەبێ بوونی بایۆلۆجی، واتە لە بایۆلۆجییەوە بۆی ناگوازرێتەوە، بەڵکوو فێری دەبێت لە کۆمەڵگەوە، ئەم کولتوورە لە بەردەم گۆڕان و هەڵوەشان و تەحەولبوون و تێکەڵبووندایە.

**١- ڕاگەیاندن:**

لە ڕووی دەستەواژەوە، "ڕاگەیاندن''، واتە پێدانی زانیاریی ڕاست و دروست و ڕاستییە چەسپاوەکان بە خەڵک کە یارمەتییان بدات بۆ وەرگرتنی ڕایەکی باش لەسەر بارودۆخێک، یان چارەسەری کێشەیەک لە کێشەکان".

ڕاگەیاندن، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی کۆنە و لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەی کۆمەڵگادا سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە بۆ پڕکردنەوەی خواستەکانی کۆمەڵگا کە بە گوێرەی شێواز و پێداویستیی کۆمەڵگا دەگۆڕێت، ئەوەی ڕاگەیاندنی هێشتووەتەوە، وەڵامدانەوەی داواکاری و پێداویستییەکانیەتی بۆ بەجێهێنانی ئەرکە بنەرەتییەکە کە گەیاندنە.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن: واتە توانای ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی ئامانجێکی دیاریکراو لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتی وەرگر. (شرف, ١٩٨٩،ل.٦).

ڕاگەیاندن، واتە گواستنەوەی زانیاری، هەواڵ، بیر، کولتوور، ڕۆشنبیریی فکری، یان ڕەفتاری، بە ڕێگەیەکی دیاریکراو لە ڕێگەی یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی، یان دیار بێت، بە مەبەستی کاریگەری بە شێوەیکی بابەتی بێت، یان نا، بۆ کاریگەری لەسەر هۆشی جەماوەر بێت، یان غەریزەکانیان(Mohammed, 1999, p.407)

ڕاگەیاندن لە یەک کاتدا ئاماژەیە بۆ دوو پرۆسە کە هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی تریانە، یەکەمیان پرۆسەی بنکۆڵکاری و بەدواداگەڕان بۆ زانیاری بە شێوەی خێرا و ئامادەبوون لە شوێنی ڕووداوەکان، دووەمیان گواستنەوەی ئەو زانیارییە بۆ خەڵک و بە مەبەستی تێرکردنی پێدوایستییەکانیان، کە ئەوانیش وەریدەگرن بە ڕێگەی ئامرازێک لە ئامرازەکان، کە ئەوانیش بەکاری دێنن بۆ تێرکردنی پیداویستییەکانیان.

سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

١- توێژینەوەی چیا یاسین حمە امین، بە ناونیشانی'' القیم الاجتماعیة فی البرامج الحواریة فی قناة NRT الفضائیه"، ) یاسین ،٢٠١٥ ).

ئامانجی سەرەکی ئەم  توێژینەوە بریتییە لە زانینی:

١- دیارترین ناوەڕۆکی بەرنامەی گفتوگۆ کاریگەرییەکەی بە ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بەهاکانی کۆمەڵگا.

٢- دیاریکردنی دیارترین بەها کۆمەڵایەتییەکان لە بەرنامەکانی گفتۆگۆی کەناڵی ناوبراو.

ئەم  توێژینەوە لە جۆری توێژینەوەی وەسفییە و پشتی بە میتۆدی شیکاری بەستووە.

لە دەرەنجامدا گەیشتووە بەوەی کە پۆلێنی بەهاکانی کردووە بۆ سێ جۆر و لەناو ئەو سێ جۆرەشدا کەناڵی ناوبراو لە بەرنامەکانی گفتۆگۆدا

**گرنگی بە کامە بەها داوە، لەوانە:**

١- بەها نەرێنییەکان: ئەوانەی کە هەبووە لە بەرنامەکانی گفتۆگۆی کەناڵی NRT بریتی بوون لە نایەکسانیی جێندەری، کوشتنی داهێنان، هەست بە کەمیکردن، بەکاربەر، گەندەڵی، قۆرخکاری، مەحسوبیەت و... هتد.

٢- ئەو بەها کۆمەڵایەتییە پەروەردەییانەی گرنگیان پێ دراوە، بریتی بوون لە "لەخۆبوردن، بەشداریکردن و هاوبەشی، خاکیبوون و... هتد.

٣- ئەو بەها کۆمەڵایەتییە سیاسییانەی کە گرنگیان پێ دراوە، بریتی بوون لە بەهای سووربوون و کۆڵنەدان، داهێنان، پشتیوانی، دەستپاکی

و... هتد.

ئەم توێژینەوەیە سوودی دەبێت بۆ توێژینەوەکەی توێژەر لە ڕووی تیۆرییەوە کە هاوکارم دەبێت بۆ شیکاریی بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی ئەو بەهایانە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان و بەرهەمەکانی ڕاگەیاندندا. هەرچەند ئەم لە ڕەنگدانەوەی نەکۆڵیوەتەوە ئەوەندەی لە بایەخپێدان بەو بەهایانەی کۆڵیوەتەوە، بەڵام بایەخپێدانیش هەر لە بەکگراوندە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەچاوی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەوە دێت. توێژینەوەیەکی هاوبەشی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسییە.

٢- توێژینەوەی بەشدار حوسێن محەمەد، بە ناونیشانی"ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای جەماوەر" (حوسێن,٢٠١٦).

ئەم توێژینەوە میتۆدی روپێوی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدینە کە (٤) کۆلێژی بە شێوەی هەڕەمەکی چینی وەرگیراون. نموونەی توێژینەوە (٦٣١) نموونەیە، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتی بووە لەوەی ئایا بەرنامە گفتوگۆیەکان لەهەردوو کەناڵی ڕوداوو و ئێن ئار تی و کاریگەریان هەیە لەسەر جەماوەر لەپێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتیەکان. پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەش بریتییە لەوەی تاچەندە بەرنامە گفتوگۆیەکان کاریگەریان هەبووە لەپێکهێنانی بەهاکۆمەڵایەتیەکان لای قوتابیانی زانکۆ.

### ئامانجی ئەم توێژینەوەی بریتی بووە لە:

١-زانینی ڕادەی پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە بۆ جەماوەر. لەگەڵ زانینی ڕادەی سەیرکردنی قوتابیانی زانکۆ بۆ بەرنامەی گفتوگۆ لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

٢-زانینی پەیوەندی جەماوەر بەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ڕادەی ڕۆڵی بەرنامە گفتوگۆییەکان لەسەر پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتیەکان.

٣-زانینی ڕادەی کاریگەری جەماوەر بە بەها کۆمەڵایەتیەکانی بەرنامە گفتوگۆییەکان و ڕادەی پێکهێنان و گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتیەکانی جەماوەر لەئەنجامی سەیرکردنی بەرنامە گفتوگۆییەکان.

لەکۆتایدا توێژینەوەکە گەیشتوە بەکۆمەڵێک ئەنجام کە سەرەکیترینیانە بریتییە لە:

١-زۆربەی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی سنووردار سەیری بەرنامە گفتوگۆییەکانی ئەم تەلەفزیۆنانە دەکەن، بەرێژەیەکی کەمتر زۆربەی کات سەیری ئەم بەرنامانە دەکەن.

٢-چەندین هۆکاری جیاواز هەن کە وادەکەن نموونەی توێژینەوەکە سەیری بەرنامە گفتوگۆییەکان بکەن. بەڵام گرنگی و بابەتی تەوەرەکە هۆکاری سەرەکیانە، هەروەها ئەو بەهایانەی کە ناوەرۆکی بەرنامەکە پێکدێنن، هەروەها شێوازی پێشکەشکردن و توانای پێشکەشکار.

٣-بەشێک لەنموونەی توێژینەوەکە هەستدەکەن بەرنامەی' لەگەڵ ڕەنج ' ڕۆڵی هەبووە لە پێکهێنان یاخوود بەهێزکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکان لەلایان. ئەو بەهایانەش بریتی بوون لە؛ خۆشەویستی خاک و ڕق هەڵنەگرتن و لێبوردەیی و، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، دەربڕینی حەق، چاکەکاری، دڵسۆزی، یارمەتیدان. 'بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاوی نموونەی توێژینەوەکەش هەستیان بەهیچ ڕۆڵی بەرنامەکە نەکردوە لەم بوارەوە.

سوود و نزیکی ئەم توێژینەوە لەتوێژینەوەکەی ئێستای توێژەر:

١-هەرچەندە ئەم توێژینەوەیە بەگشتی باسی بەهای کردووە توێژینەوەکەی توێژەر باسی بەها کولتوریەکان دەکات، بەڵام لەڕووی تیۆری و سەرچاوەوە سودی لێ دەبینرێت.

٢-لەرووی میتۆدیەوە هەمان میتۆدی توێژینەوەی توێژەرە کەمێتۆدی وەسفیە.

٣-لەرووی سەرچاوەوە توێژەری ئاشناکرد بە کۆمەڵێک سەرچاوەی پەیوەست بە توێژینەوەکە.

٣- توێژینەوەی أحمد الزكري، بە ناونیشانی "العلاقه بين الإعلام والمجتمع المدني"، (الزكرى،٢٠٠٩).


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## ئامانجی ئەم توێژینەوەی بریتی بووە لە:

١- پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا و دۆزینەوەی ڕەهەندەکانی ئەو پەیوەندییە.

٢- ئایا ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا کاریگەرن لەسەر یەکتر، یان کامیان کاریگەرە لەسەر ئەوی تریان؟

لە ئەنجامی توێژینەوە دەرکەوت: ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا دوو ڕووی تەواوکەری یەکترن، هەر یەکەیان کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوی تریان و پەیوەندییەکانیان بریتییە لە کاریگەریدانانی هەر یەکەیان لەسەر ئەوی تریان.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە بۆ توێژینەوەکەی توێژەر بریتییە لەوەی بەڕوونی باسی لە پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا و ڕەنگدانەوەی هەر یەکەیان لەسەر ئەوی تریان دەکات، بەڵام زۆرتر لەسەر ڕەنگدانەوەی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگا قووڵ بووەتەوە، کە ئەمە جیای دەکاتەوە لەم توێژینەوەیە کە دەیەوێت قووڵ و زیاتر لە پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و کلتوور هەردوکیان بکۆڵێتەوە.

٤- توێژینەوەی نیکولاس دیفید بومان، بە ناونیشانی" ''ڕاگەیاندن وەک ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا" ((Bowaman , ٢٠١٤.

توێژینەوەیەکی دەق شیکارییە بۆ ئەو پەیام و کۆد و گوتارانەی لە ڕاگەیاندنەوە دەردەچن و کاریگەری دەکەنە سەر تاک و کۆمەڵگا، لە ڕەهەندەکانی پەروەردە و چاندنی کولتوور، نموونەی وەک چاندنی بیری ڕق و توندوتیژی لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی ئەو توندوتیژیانە لە کۆمەڵگا دەگوزەرێت و گێڕانەوەی بۆ تاک جارێکی تر لە ڕێگەی چیرۆک و فیلم و بەرهەمە تەلەڤزیۆنییەکان و ڕاگەیاندنەکانەوە.

## ئامانجی سەرکیی ئەم توێژینەوەیە:

١- چۆنیەتی کارلێکی ڕەوش و کولتووری کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگا و ڕاگەیاندن، چۆن ڕووداوەکانی ژیان دەبنە بیرۆکەی بەرهەمە میدیاییەکان؟ چۆن جارێکی تر ئەو بەرهەمە ڕاگەیاندنانە کاریگەری دەکەنەوە سەر کۆمەڵگا و تاک؟

٢- مانادانی وەرگر و جیاوازیی وەرگرەکان لە بەکگراوند و پێکهاتە و خواستیان و لەو مانایانەی دەیدەن بە بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵی لە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتیان.

٣- ڕاگەیاندن چۆن کولتوور دەچێنێت و چۆن بیرۆکەیەک دەکاتە کولتوور و ئەوەی لە کۆمەڵگا دەگوزەرێت، چۆن دەبێتە بیرۆکەی بەرهەمەکانی ڕاگەیاندن؟

## ئەنجامی توێژینەوەکە :

١- ڕاگەیاندن، بەتایبەتی تەلەڤزیۆن، ''حەکایەتخوانێکە'' بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا و بەشێکی زۆری ئەو ڕووداو و چیرۆکانەمان بۆ دەگێڕنەوە کە لە واقعی ژیانی کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن.

٢- ڕاستە بەشێکی زۆری ئەوەی لە ڕاگەیاندن دەبێتە بابەت و چیرۆک، ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵایەتییە، بەڵام دواجار کاریگەرییەکەی بۆ سەر کۆمەڵگا وەک یەک نابێت، جیاوازیی وەرگرەکان لە بەکگراوند و پێکهاتە و خواست و شێوازی بەکارهێنانیاندا ڕۆڵ دەبینێت لەوەی چ مانایەک دەدەنە بابەتەکانی ڕاگەیاندن و چۆن کاریگەری لەسەریان دادەنێت.

٣- ڕاگەیاندنی نوێ بواری کاریگەری و ڕۆڵی بەکارهێنەرانەی فراوانتر کردووە لە ڕەنگدنانەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا لە ڕاگەیاندندا و هاوکات کاریگەریی ڕاگەیاندنیش لەسەر کۆمەڵگا.

ئەم توێژینەوەیە گەرچی ناونیشانەکەی زۆر نزیکە لە توێژینەوەکەی توێژەر، بەڵام زۆرتر ڕەهەندی توندوتیژیی گرتووە، کە چۆن فۆرم و ڕووداوە توندوتیژییەکانی ناو کۆمەڵگا ڕەنگ دەدەنەوە لەناو بەرهەمە میدیاییەکاندا و ڕەهەندەکانی تری بواری کۆمەڵایەتیی باس نەکردووە، واتە جەختی لەسەر ڕەنگدانەوەی توندوتیژییەکانی ناو کۆمەڵگا لەناو بەرهەمە میدیاییەکاندا کردووەتەوە، جیاواز لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی

ئیستا کە دەیەوێت لە ڕوانگە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکەوە بەگشتی گفتوگۆ بکات و ڕەوش و فۆڕمی توندوتیژییش ڕەهەندێکی ئەم توێژینەوەیە دەبێت، نەک تاکە ڕەهەند. بەڵام لە ڕووی میتۆد و شیکاریەوە دەتوانێت سوودی لێ ببینێت.

## چوارەم: تیۆری توێژینەوەکە:

### ١- تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

تیۆری ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی بە تیۆریی گونجاو لەم بوارەدا دیاری کردووە، چونکە دەیەوێت لە ڕوانگەی ڕەخنەییەوە لە ڕەنگدانەوەکانی ڕەوشە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە ڕاگەیاندندا بڕوانێت، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگا و ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی ئۆرگانیی ئاڵوگۆڕپێکراو و کاریگەر و کارتێکراوە، هەرچەندە قسەکردن لەسەر مێژوو و ڕەهەندەکانی تیۆریی ڕەخنەیی، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی وردی دەوێت و مشتومڕی زۆری لێ کەوتووەتەوە، چونکە پسپۆڕان و سەرچاوەکان کۆک نین لەسەر مێژووەکەی، هەریەکەیان بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی دەگێڕنەوە. بەتایبەتی تیۆریی ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا. گەرچی زۆرینەیان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە تیۆریی ڕەخنەیی هاوچەرخی کۆمەڵناسی لە سەرەتادا بە تیۆریی ڕەخنەی ڕادیکاڵ، یان کۆمەڵناسیی ڕادیکاڵ ناسرابوو، چونکە چەندان تیۆریی کۆمەڵناسانە سەبارەت بە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان خرایە ڕوو کە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییان سەبارەت بەو بابەتە تێدا خرابووە بەرچاو.

هەندێکی تر لە سەرچاوەکان سەرهەڵدانی تیۆریی ڕەخنەیی هاوچەرخی کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی ئەکادیمییانە بۆ ساڵانی سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێنەوە، بەتایبەت لە هەندێ لە تیۆرییە کۆمەڵناسییە ئەکادیمییەکاندا ڕەنگی دایەوە و بایەخی پێ درا، لە کاتێکدا سەرچاوەکان سەرهەڵدانی خودی زانستی کۆمەڵناسی بۆ سەدەی نۆزدەیەم دەگێڕنەوە. هەرچەندە زانستی کۆمەڵناسییش سەرەتا ڕای جیاوازی لێ کەوتەوە، بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانیی یەکەم پسپۆڕان باس لە پەیدابوونی دوو جۆری کۆمەڵناسی دەکەن. یەکەم: پەیدابوونی مارکسیزم لە خۆرئاوا کە دوای یەکەم جەنگی جیهانی، کۆمەڵناسی وەک زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی فەرمی لە سۆڤیەت ناسێنرا. دووەم: کۆمەڵناسیی ئەکادیمی لە خۆرئاوا کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا وەک بوارێکی ئەکادیمیکی زانکۆیی هاتە ئەمریکاوە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر کولتووری ئەمریکی هەبوو. ( Gouldner,1970,p.20)

### ٢- پەیوەندیی نێوان تیۆریی ڕەخنەیی و تیۆریی ڕەنگدانەوە:

سەرچاوەکان زۆریان تیۆریی ڕەخنەیی بە تیۆریی ڕەنگدانەوە دەبینن، یاخود هاوشێوەیەکی تەواو لە نێوانیاندا دەبینن. حەجاج دەڵێت: ''ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە سانایی تیۆریی ڕەنگدانەوەیە، چونکە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕپێکراو و کارلێکراو دەردەخات، نموونە لە نێوان ئەدەب و واقعی کۆمەڵگا کارلێکرن و ڕەنگدانەوەی هەیە"." هەروەها دەڵێت :"بە مانای ئەوەی پەیوەندییەکی جەدەلیی کارتێکەر و کارلێکراوە، بەو واتایەی گۆڕان لە بارودۆخی سیاسی و ئابووریدا کاریگەری دەکاتە سەر گۆڕان لە پێکهاتەی هۆشیاری و بنیادنانی هۆشی، هەموو گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی سیاسی و ئابووریدا کاریگەری دەکاتە سەر ژیانی خەڵک و لە هەمان کاتدا لە بەرهەمهێنانی دراما و ناوەرۆکەکان. کەواتە ئەدەب کاریگەری دەکاتە سەر واقعی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی دەبێت''(حجاج ،٢٠١٢)

ئاڕاستەی ڕەخنەیی لە زانستی کۆمەڵایەتیدا وەک پەرچەکردارێکی سروشتی و لۆژیکی لە دەرەنجامی ئەو قەیران و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییانەی کە تا ئێستا و بەردەوام کۆمەڵگاکان پێوەیان دەناڵێنن.

ئەگەرچی سەرچاوەکان سەرەتا بە بایەخدان بە بەرهەمە ئەدبی و هونەرییەکان دەستی پێ کرد، چونکە پێیان وابوو ئەدەب و هونەر پەیوەندییەکی کارتێکەر و ئاڵوگۆڕپێکراویان هەیە لەگەڵ ژیان و کۆمەڵگادا، تیۆریی ڕەخنەیی دەرخەری هەڵسەنگاندنێکی جوانیناسانەیە لە بەرهەمە هونەرییەکان، هەر لەبەر ئەوەشە بەشێک لە کۆمەڵناسەکان پێیان وایە کە تیۆریی ڕەخنەیی، سەرەتا لە بایەخدانەکانی بۆ بەرهەمە هونەرییەکان لەنێو تیۆریی پۆزەتیڤیزمدا سەری هەڵدا. "هەروەها نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێت کە بایەخدانی کۆمەڵناسی بە کۆمەڵگا هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانییەوە بایەخپێدانێکی ڕەخنەیی بووە. بۆ نموونە، لە بەرهەمەکانی کۆنت و سپنسەر و دۆرکایم و ڤیبەر و تەنانەت

پاریتۆشدا جۆرێک لە تێگەیشتنێکی ڕەخنەیی بۆ سیستەمی کۆمەڵایەتی دەدۆزینەوە کە ئەمانە بوونە بنەما و کۆڵەکە بۆ سەرهەڵدانی تیۆریی ڕەخنەیی هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، بەتایبەت لای سی رایت میلز لە کتێبی ''خەیاڵکردنەوەی کۆمەڵناسانە''دا. (Gidens,1986).

گەرچی پسپۆڕان پییان وایە کە تیۆریی ڕەخنەیی لە بواری کۆمەڵناسیدا بەگشتی دەڕوانێتە دیاردەکان و تاک فەرامۆش دەکات، بەڵام دەبێت ڕەخنە لە هەموو بوارەکان بێت و ڕوانینێکی فەلسەفییانەی هەبێت.

یەکێکی دیکە لە ڕەخنە گرنگەکانی تیۆریی ڕەخنەیی لە کۆمەڵناسیدا ڕەخنە و هێرشە بۆ سەر ئینتیمای کۆمەڵناسی، ئەویش کاتێک هەموو دیاردەکان و پرسە مرۆییەکان کورت دەکەنەوە بۆ گۆڕاوە بابەتی و ئۆبجێکتیفەکانی کۆمەڵگا. کۆمەڵناسان وەک گشت (کل)ێک تەماشای کۆمەڵگا دەکەن و گرنگی بە تاکەکان نادەن، بەم کارەشیان کردەی دوولایەنەی نێوان تاک و کۆمەڵگا لەبەرچاو ناگرن. ئەوان بەهۆی لەبەرچاونەگرتنی ڕەفتار پێگەکەی تاک، ناتوانن ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانە لێکبدەنەوە کە دەتوانن ببنە هۆی خوڵقاندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر. هۆرکهایمەر و هابەرماس لەم بارەیەوە زیاتر لە هەوڵی داڕشتنی تیۆری (تیۆریزەکردن)دا بوون". (نوری،١٩٨٦).

## ٣- کولتوور و کۆمەڵگا:

کۆمەڵگا گشتێکە کە لە بەش و یەکە پشتبەیەک بەستووەکان پێکهاتووە، بەجۆرێک کە گۆڕان لە یەکێکیاندا کاریگەریی لەسەر تەواوی یەکە پێکهێنەرەکان و پاشان هەموو گشتەکە دادەنێت. باریتۆ (١٨٤٨-١٩٢٣) پێیوایە تاکەکان پێکهێنەری ئەو سیستمە گشتییەن کە پێی دەگوترێت "کۆمەڵگا". کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی مرۆیی- کۆمەڵایەتییە بەشێوەی سیستمێکی ئاڵۆزی پەیوەندیی تێکچڕزاو لەنێوان تاکەکان و هەروەها لەنێوان گرووپەکاندا لەسەر بنچینەی بەها و باوەڕ و پێوەری هاوبەشیاندایە. (ڕەشاد،١٩٨٦ ).

کەواتە، کولتوور هۆکاری بەکۆمەڵایەتیبوون (Socialization) کە بەهۆیەوە تاک لەگەڵ نۆرم و بەها و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێت، ئەمەش لە ڕێگەی گواستنەوەی کەلەپووری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیترە.

کولتوور بە بۆچوونی بیرمەندانی کۆمەڵناسی ئەو بوارانەی کۆمەڵگایە کە بەهۆی فێربوونەوە بەدەستهاتوون، نەك ئەوانەی بەشێوازێکی بۆماوەیی دەگوازرێنەوە. لەبەر ئەوەی گشت ئەندامانی کۆمەڵگا لە ڕەگەزەکانی کولتوورییدا هاوبەشن، بۆیە هاوکاری و پەیوەندیی دوولایەنە لەنێوانیان دروستدەبن. (حسێن،٢٠٢١،ل.٤٤).

گەشەسەندنی کولتووری هۆکاری دەستەبەرکردنی ئاوات و ئامانجەکانی ئەندامانی کۆمەڵگایە. کەواتە کولتوور تایبەتمەندییەکی دەگمەنی هەیە کە پەیوەستە بە مرۆڤەوە، هەروەها لەهەموو کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە. هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی کولتوورێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە.

بۆیە کولتوور گونجاندنە و ئامرازە بۆ خۆگونجاندن، پەیوەندیی مرۆڤ بە ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی نارِوون و گۆڕاوە. گۆڕانی بارودۆخ دەبێتە هۆی گۆڕانی کولتوور. لێرەدا کولتوور ئامرازێکە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەورووبەر، هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی توانای مرۆڤ لە بەکارهێنانی ئەو شتانەی کە لە ژینگەدان. کولتوور دیاردەیەکی بەردەوامە کە بەمردنی تاك کولتوور لەناو ناچێت، چونکە موڵکی هاوبەشە و کەلەپور و میراتی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایە.

گەشەسەندنی کەرەستە ماددییەکانی کولتوور هۆکاری نوێبوونەوەی توخمەکانی کولتوور و گۆڕانکاری لە ڕەگەزە بنیادییەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەیە. لەئەنجامی پرۆسەی مێژوویی-کۆمەڵایەتی گۆڕانکاریی بەردەوام لە توخمە کولتوورییەکاندا دروستبوون. لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە، گۆڕانکاری لە بوارێکەوە بۆ بوارێکیتر، بەهۆی پێداویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا، داواکاری بۆ وەرگرتنی توخمی نوێ ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێتەوە، بۆیەش ئاڵۆگۆڕی بازرگانی و پەیوەندیکردن لەگەڵ کولتوورەکانیتر گەشە دەکات. بۆیەش ڕەگەزەکانی کولتوور ڕووبەڕووی شەپۆلی گۆڕانکاری دەبینەوە و وەرگرتنی توخمی نوێ دەبێتەوە یەکێک لە پێداویستییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا. لەم تەوەرەدا باسی شێوازی گۆڕانی کولتووری لە کۆمەڵگای توێژینەوە دەکرێت.

## پێنجەم: پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و کولتووری کۆمەڵگا:

(زێباری) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ڕاگەیاندن پرۆسەیەکی دینامیکییە و ئامانجی ڕاسپاردن و فێرکردن و ڕۆشنبیرکردن و هۆشیاری و قەناعەتپێکردنی چینە جیاوازەکانی جەماوەرە. کە وەرگری بابەتە جۆراوجۆرەکانن و هەوڵی خۆتێرکردن دەدەن لە بەرنامە و بابەتەکانی کە پرۆسەیەکە هەواڵ و زانیاریی وردی تێدا بڵاو دەکرێتەوە کە جەخت لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی، کە ئاڕاستەی هۆشی جەماوەر و هەست و سۆزەکانیان دەکات. (حسو،٢٠١٩،ل.١٨٩).

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە بینراو و بیستراو و خوێنراو دەژمێردرێن بە ئامرازێکی کاریگەری ئاڕاستە و ڕۆشنبیرکردنی هەر کۆمەڵگایەک، کە ئەمە خاوەنی کاریگەرییەکی گەورەیە لەسەر خەڵک بە جیاوازییە جۆراوجۆرکانی وەک تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و ئایین و بیرکردنەوە و ئاڕاستەی فکری و زانستی و کۆمەڵایەتییەکانیان. (مصطفی،٢٠١٠،ل.١٠).

لەگەڵ ئەوەی ڕاگەیاندن بەرپرسیارییەتییەک خراوەتە گەردنی وەک وێنەیەکی کۆمەڵگا بێت لە پێشاندانی چالاکیی بەردەوامی و ڕۆژانەی تاکەکانی و بەرپرسیاریەتیی پاراستن و ڕاستکردنەوەی هەرشتێک کە کەموکووڕیی شارستانی پێشان بدات، بەمە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئەرکێکی زیندوویان هەیە کە خزمەتی کۆمەڵگایە و توانای ئامادەکاری بیر و پرۆژەی ڕۆشنبیری کە ڕۆشنکەرەوەی بنەماکان و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بێت، بە شێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵگا.(الحدیدی،٢٠١٠،ل.١٣١).

پەیوەندیی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا پەیوەندییەکی چالاکە، پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا پەیوەندییەکی بەهێز و چالاک و بەیەکداچووە، لەو سۆنگەیەوە کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگا، ئامرازێکی گوێزەرەوەی سروشت و نۆرمی بیرکردنەوە و زانیاری و بەها و چەمکەکانە و لەگەڵیشیدا بەشداری دەکات لە دروستکردنی بوارێکی گەورە لە ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی. (کنعان،١٩٩٥،ل١٣٢).

ڕاگەیاندن دەبێت گوزارشت لە ئەندێشەی کۆمەڵگا و نمایشکەری دۆزەکانیان بێت بۆ گەڕان بەدوای چارەسەردا، "ڕاگەیاندن ناساندنە بە مەسەلە هاوچەرخەکان و گرفتەکان و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان بە پشتبەستن بە تیۆری و پرنسیپەکان، کە هەر سیستەم و وڵاتێک پشتی پێ دەبەستێت لە ڕێگەی ئامارەکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی، یان دەرەکییەوە. (بعلبگی،١٩٨٦،ل.١).

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە بینراو و بیستراو و خوێنراوەوە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەسەر ڕای گشتی و پێکهێنانی ئاڕاستە و بۆچوونەکانی و ئاڕاستەکردنیان بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو، یان مەسەلەیەکی دیاریکراودا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئامرازێکی گرنگی کاریگەری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگان، لەبەر ئەوە، ئیش دەکەن وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ کاریگەری و گۆڕانکاری لەلای چینێکی دیاریکراو. (العنزی،٢٠١٤،ل.١).

ڕاگەیاندن بە هەموو شێوە بەکار دەهێنرێت بۆ پشتگیریی کۆمەڵگا بۆ ڕووبەڕووبوونەی ئەو مەترسی، یاخود گۆڕانکارییانەی ڕوو دەکەنە کۆمەڵگا، هەروەک چۆن ''الشایجی'' باسی دەکات کە چۆن کوێت ڕاگەیاندنەکانی بەهێز کرد کاتێک هەندێک گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری ڕووبەڕووی کۆمەڵگا بوونەوە، "هەندێک گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری و کولتووری ڕووی دا لە کەنداوی عەرەبی، ئەمە چووە ناو ژیانی خەڵک و هاوکاریکردن بۆ دروستکردنی ڕایەکی گشتی و سەرهەڵدانی ڕەوتی چاکسازی و ڕۆشنبیری، بۆ ئەوە بڕیاریان دا کەرتی ڕاگەیاندن بەهێز بکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بارودۆخە، لەبەر ئەوە کەنداو گرنگیی دا بە ڕاگەیاندن وەک ئامرازێکی دروستکردن و کاریگەریکردنە سەر ڕای گشتی.

هەندیک لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندن خۆیان وەک دیاردەیەک لە دیاردەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەزانن و ئەم سەردەمە بە سەردەمی ڕاگەیاندن ناو دەبرێت، "سەردەمی زانیارییەکان نۆرم و شێوازێکی ڕاگەیاندنی سەپاندووە کە جیاوازە لە چەمک و تایبەتمەندیی ڕاگەیاندنەکانی پێشوو، هەروەک چۆن جیاوازیش کاریگەری دروست دەکات لە ڕووی پەروەردە و ڕۆشنبیری و بە ئاستێکی وا فراوان کە هەندێک سەردەمەکە بە سەردەمی ''ڕاگەیاندن'' باس دەکەن، نەک لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن دیاردەیەکی نوێی مێژووی مرۆڤایەتییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکەی گەیشتووەتە ئاستێکی وا قووڵ و بەهێز لە ئاڕاستەکردن، کە گۆڕانکارییەکی جەوهەری هەیە لە کاریگەریی ڕاگەیاندندا


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

کە ڕەگەزێکی بناغەی سیستەمی کۆمەڵگایە.

لە ڕوانگەی تیۆریی پشتبەستنەوە، ئەو پەیوەندییەی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا بە جوانی دیار دەکەوێت، "تیۆریی پشتبەستن بە ئاشکرا ئەو پەیوەندییەی نێوان ڕاگەیاندن و جەماوەر و کۆمەڵەگە دەردەخات، جەماوەر پشت دەبەستێت بە ڕاگەیاندن لە سیستەمێکەوە بۆ ئاگاداربوون و شارەزابوون لە سیستەمێکی تر، کەواتە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک سەرچاوەیەک بۆ دەستخستنی زانیاری و ئەم پشتبەستنە زیاتر دەبێت بە ئاستی بەرکەوتەی زیاتری جەماوەر بە ڕاگەیاندن، دەرەنجامی ناجێگیریی سیاسی و ڕاگوازەری بەرەو دیموکراسی و ململانێ بۆ دەستخستنی دەسەڵات و پێگە، ئەوکات جەماوەر زیاتر پشت دەبەستێت بە ڕاگەیاندن بۆ دەستخستنی زانیاری، تاکوو بزانێت چی دەگوزەرێت لە دەوروبەر و بەهەمان شێوە ئەم پشتبەستنە زیاتر دەبێت، بە گوێرەی کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر هۆش و ڕەفتار و سۆزی جەماوەرەکە. لە لایەکی ترەوە، بیرۆکەی گۆڕینی ڕەفتار و مەعریفە و ویژدانی جەماوەر دەگونجێت کاریگەرییەکی گەراوەی گۆڕانکاریی کۆمەڵگا و ئامرازەکانی پەیوەندییکردن بێت، ئەمە پەیوەندییەکی سیانیی نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کۆمەڵگا و وەرگر پێشان دەدات. (Bernard,١٩٩٨,p.١٧).

ڕاگەیاندن جگە لەوەی کاریگەریی هۆشیارکردنەوەی هەیە لەسەر کۆمەڵگا، دەتوانێت ڕۆڵی بایەخبەندییشی بۆ دروست بکات.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە ئاڕاستەکردن و پێکهێنانی بۆچوونەکان دەربارەی مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و پێکهێنانی ئاڕاستەی نوێ بەپێی ئاستی پشتبەستنی تاک بە ڕاگەیاندن بۆ دەستخستنی زانیاری، بە هەمان شێوە ڕۆڵی هەیە لە پێدانی بایەخبەندی بە بابەت بۆ دروستکردنی بایەخ بۆ تاک و ڕیزبەندیکردنی بایەخ بۆی.

ڕیزبەندیی بایەخ، یەکێکە لەو دەسەڵاتانەی کە ڕاگەیاندن هەیەتی و بەپێی تیۆریی ڕیزبەندیی بایەخیش، هەرشتێکی ڕاگەیاندن گرنگی پێ بدات دەبێتە پێشینە لای هاووڵاتی و دەتوانێت شتە باش و سوودمەندەکان بکاتە پێشینە و جێی بایەخ لایان، بەمە دەتوانێت وابەستەییەکی تاک بۆ کۆمەڵگاکەی دروست کات، ئەویش بە نمایشکردن و ڕەنگدانەوەی ڕەوش و کولتوورە پێویستەکەی تاک کە لە کۆمەڵگاکەیدا هەیەتی و بەمەش ڕێگایەک ڕوون دەکاتەوە بۆ وابەستەی کۆمەڵایەتی. ) هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل.١٨).

ڕاگەیاندن تەنها زانیاری ناگوێزێتەوە، بەڵکوو ئامرازی گواستنەوەی بیر و بەها و چەمکەکانیشە و پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا پەیوەندییەکی بەهێز و تێکهەڵکێشراوە، بەو مانایەی کە ئامرازی ڕاگەیاندن لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئامرازی گواستنەوەی زانیاری و بیر و بەها و چەمکەکانە و بەشدارییش دەکات لە دروستکردنی لایەنێکی گەورەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیدا. (کنعان،٢٠١٣،ل.٢٠).

جگە لەوەی ڕاگەیاندن توانای ڕەواجپێدان و بازاڕاندنی هەیە بۆ بیرۆکە و بابەتەکان، کەواتە دەتوانێت لە لایەک بازاڕاندن بۆ بیرۆکە و ئایدیای نوێ بکات و لە لایەکی ترەوە بابەت و شتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگا ڕەواج پێ بداتەوە. "گوتاری ڕاگەیاندن پێویستی بە بازاڕسازی بۆ بیری کۆمەڵایەتیی ئەرێنی هەیە، خزمەتی کۆمەڵەگە دەکات و گوزارشت لە کێشەکانیان دەکات کە پێوەی دەناڵێنن، لەگەڵ خستنە ڕووی چارەسەر بە شێوەک کە لە خزمەت و تاک و کۆمەڵگادا بێت.

شەشەم: چۆن کۆمەڵگا ڕەنگدانەوە و کارلێکی دەبێت بۆ سەر ڕاگەیاندن؟

هەر دامەزراوەیەک لەناو کۆمەڵگادا بەشێکە لەو کۆمەڵگایە و کۆمەڵگا ڕۆڵی دەبێت لە پێکهێنان و فۆرمکردنیدا و شێوازی ئیشکردنی بۆ دادەنێت، ڕاگەیاندنیش وەک دامەزراوەیەکی ناو کۆمەڵگا کۆمەڵە ڕەگەزێک ڕۆڵیان هەیە لە دیاریکردنی ناوەڕۆکی ئەو پەیامانەی کە ئامادەی دەکات و پێشکەشی جەماوەری دەکات، بەشێک لەو ڕەگەزانەش بریتین لە:

١- زمان. ٢- ئابووری. ٣- پەروەردە و فێرکردن. ٤- ئایین. ٥- شوێن و هەڵکەوتەی جوگرافی. ٦- باری سیاسی. ٧- دابونەریت و باری سایکۆلۆژی. ٨- تێکڕای تەمەن. ٩- ڕەگەز. ١٠- کات. (حجاج،٢٠١٣).

ڕاگەیاندن لەناو کۆمەڵگاکاندا پێگەیەکی گرنگی هەیە لە ناساندنی بابەت و شیکردنەوەی ڕەوش و دیاردەکان، "ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە زۆربەی وڵاتاندا پێگەیەکی گرنگی هەیە لە گوزارشتکردن لە ڕای گشتی و پارێزگاری لە بەها باڵاکانی و ئاسایش و ناسنامەکەی و مافی تاکەکانی لە داهێنان و گوزارشت و مەعریفەکانی، بۆیە بە دەستوور و یاسا دەگەین بە ڕاگەیاندنێکی واکە ببێتە پارێزەری ئەو دەستوورە و ڕۆڵی

چاودێریکردن ببینێت بۆ پارێزگاری، یان وەستاندنی، یان ڕەتکردنەوەی، بەم شێوەی ئیش دەکات بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و گوزارشت لە ڕا و بۆچوونە سیاسی و هزرییەکانیان، لە هەمان کاتدا بۆ یەکسانی و پێکەوەگونجانی کۆمەڵگا ئیش دەکات.(السید،٢٠٢١).

باسکردنی ڕاگەیاندن بەبێ باسی تێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان مانای تەواو نادات بە دەستەوە، "وەک مێژوونوسانی بواری ڕاگەیاندن دەڵێن، ''ناکرێ باس لە ڕاگەیاندن بکرێت بەبێ ئەوەی باس لە بزاوتە سیاسییەکان بکەین''، بۆیە بەدوای تێزە سیاسییەکاندا، تێزە کۆمەڵایەتییەکان دێن و لەمەشدا ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە گۆڕینی کۆمەڵگا و سەرلەنوێ پێکهێنانەوە و ڕێکخستنی کۆمەڵگادا، ''جینس کاری''، مامۆستا لە زانکۆی ''نیوی'' دەڵێت: "ئەو هۆڕاگەیاندنانەی لەنێو کۆمەڵگادا هەن، کاریگەرییەکی بەهێز دەکەنە سەر شێوازی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیی لەو کۆمەڵگایەدا." هەربۆیە لەگەڵ گەشەکردنی هۆکاری ڕاگەیاندندا شۆڕشی گەلان بەرەوپێش چوون و هۆشیاریی سیاسی لای خەڵک زۆرتر بووە."(ئەبوبەکر،٢٠٠٢،ل١٦-١٧).

پسپۆڕانی بواری سۆسیۆلۆژیا، ڕاگەیاندن بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنێن و کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر تاک و کۆمەڵگا هەر لە منداڵییەوە باس دەکەن، "ڕاگەیاندن یەکێکە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، با لە منداڵەوە دەست پێ بکەین، منداڵ، ئەو کاتەی لەدایک دەبێت، بوونەوەرێکی بایۆلۆژییە، واتە هیچ شتێک دەربارەی کۆمەڵایەتی نازانێت، بەڵکوو لە ڕێی کۆمەڵێ دامودەزگای کۆمەڵایەتییەوە ئەم منداڵە لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە دەبێتە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، یەکێک لەم دامودەزگا کۆمەڵایاتییەکانیش ڕاگەیاندنە."

لە ڕوانگەی ئەو کاریگەری و ڕەنگدانەوە دوولایەنەی ڕۆژنامەگەری و کۆمەڵ هەیانە لەسەر یەک (هەمەوەندی) دەڵێت: "ڕۆژنامەنووسی ئامرازێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و گشتگیر و بەهێزە و کار دەکات بۆ هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی خەڵک لە میانەی کارلێکردن و کاریگەرییەکانەوە بە پێدانی زانیاری و بیر و بۆچوونی زانستی لە ڕێگەی ڕۆژنامە دەورییەکانەوە. لەو لاشەوە، ڕۆژنامەنووسی لە ڕێگەی ڕووداوەکانی ژیانەوە درێژە بە کاری خۆی دەدات و لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەکنەلۆژی و سیاسییەکاندا دەژی، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش لە ڕۆژنامەنووسیدا دەبینین، ئەوەش بە ڕەنگدانەوەی لەسەر خوێنەران و ڕۆژنامەنووسان لەناو کۆمەڵگادا." (هەمەوەندی،٢٠١١.ل.٢٠).

ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندنیان لەسەر بنیاد نراوە، لەسەر وابەستەیی تەواوی هەردوو ڕووی پێداویستیی ڕاگەیاندن بە کۆمەڵگا و پێداویستیی کۆمەڵگا بە ڕاگەیاندن و ڕەنگدانەوەی هەریەکەیان لەسەر ئەوی تر دانراون، لەو فەلسەفانەش: (حمزة،١٩٦٥،ل.٢٨-٣٠).

١- فەلسەفەی تایبەت بە سروشتی مرۆڤ و حەزکردنی مرۆڤ بە پەیوەندیکردن بە کەسانی ترەوە.

٢- فەلسەفەی تایبەت بە سروشتی کۆمەڵ و سروشتی ئەو دەوڵەتەی هەیمەنەتیان هەیە بەسەر ئەو کۆمەڵەدا.

٣- فەلسەفەی تایبەت بە پەیوەندیی مرۆڤ بەو کۆمەڵەیەی تێیدا دەژی لە لایەک و بەو دەوڵەتەی ملکەچە بۆی لە لایەکی ترەوە.

٤- فەلسەفەی تایبەت بە سروشتی زانینەوە، لەمەشدا ڕەنگدانەوەی لایەنی ڕۆشنبیری ناو کۆمەڵ و لایەنی تریشی تێدا دەبێت.

پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا ئەوەندە بەهێزە، شارەزایان گەشەکردنی هەریەکەیان بە گەشەکردن بۆ ئەوی تریانی دەگێڕنەوە. "لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە گەشەکردنی ڕاگەیاندن وەک پێوەرێک بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەر شوێن و ناوچەیەکدا بەکار بەرین و لە پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵات، دەسەڵات و خەڵک و بزاوتەکانی ناو خەڵک و پەیوەندیی تاک بە کۆمەڵگاوە بکۆڵینەوە. ڕۆژنامەنووسی واتای تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕۆژ بە شێوەیەکی لێزانانە و ڕێک و بە زەوقێکی جوانەوە لەگەڵ بەجێهێنانی ئارەزووی ڕای گشتی و لەبەر ئەوە ڕۆژنامەنووسی بە ئاوێنەیەک دادەنرێت کە وێنەی کۆمەڵ و بیروبۆچوون و هزرەکانی تێدا دەردەکەوێت."(هەمەوەندی،٢٠١١،ل.١٧).

لە ڕوانگەی پەیوەندیی نێوان پیشەی ڕۆژنامەنووسی کە بەرهەمهێنەری ڕاگەیاندن و کۆمەڵگایە چەند جۆرێک پێناسەی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن کراوە کە ئەم پەیوەندییە دەردەخات، واتە ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی هەریەکەیان لەسەر ئەوی تر. بۆ نموونە، "ڕۆژنامەنووسی دەتوانێت شتی سەیر و سەمەرە دروست بکات، چەکێکی تۆقینەری هەیە، ڕۆژنامەنووسی ئەگەر لە سایەی سیستەمێکی دیموکراسیدا بژی و

ئازاد بێت، ئەوا بێگومان ملکەچ ناکات و توانایەکی گەورەی هەیە و کارکردن لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، کارکردنی ڕۆژنامەنووسی لەبارەی تاک و دەستوور و حکوومەتەکان و گەلانەوە، پاشگەزبوونەوەی نییە.

ڕۆژنامەنووسی چاوی گەلە لەسەر حوکمڕانەکان، باشترین ئامرازە بۆ ڕۆشنکردنەوەی مێشکی مرۆڤ و پێشکەشکردنی وەک بوونەوەرێکی مۆراڵی و کۆمەڵایەتی، بەڵام ڕۆژنامەنووسی، چەکێکی دووسەرە و، ئامرازی ڕێنوێنیکردن و پەروەردەکردن و خۆشییە، بەڵام لەوانەشە ببێتە ئامرازێک بۆ سەرلێشێواندن و گەندەڵی و مەراییکردن بۆ جەماوەر، ئەوە ئەگەر بە خراپی بەکار بهێنرێت و ببێتە ئامرازێک بۆ پڕۆپاگەندە و پارەپەیداکردن.

## حەوتەم: ئەنجام:

لەکۆتایی ئەم شیکارو لێکدانەوە بۆ پەیوەندی نێوان ئەم دووچەمکە توێژەر گەشتوە بەم کۆمەڵە ئەنجامە:

١- ئەو فەلسەفانەی ڕاگەیاندنیان لەسەر بنیاد نراوە، لەسەر وابەستەیی تەواوی هەردوو ڕووی پێداویستیی ڕاگەیاندن بە کولتووری کۆمەڵگا و پێداویستیی کۆمەڵگا بە ڕاگەیاندن و ڕەنگدانەوەی هەریەکەیان لەسەر ئەوی تر دانراون.

٢- پەیوەندیی نێوان ڕاگەیاندن و کلتووری کۆمەڵگا ئەوەندە بەهێزە، شارەزایان گەشەکردنی هەریەکەیان بە گەشەکردن بۆ ئەوی تریانی دەگێڕنەوە.

٣- پسپۆڕانی بواری سۆسیۆلۆژیا، ڕاگەیاندن بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری دادەنێن و کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر تاک و کۆمەڵگا و دروستکردنی کولتووری کۆمەڵایەتی هەر لە منداڵییەوە باس دەکەن.

٤-ئاست و سروشتی پەیوەندیەکەش بەجۆرێکە کە پێوەرێکە بۆ گەشەی هەریەکەیان بە پشت بەستن بەئەوەیتریان.

هەشتەم: پێشنیارەکان

توێژەر چەند پێشنیارێک لەدەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەخاتە ڕوو وەک:

١-بایەخ بەتوێژینەوەی زیاتر بدرێت لەم بوارەدا.

٢-قوڵتر لە پەیوەندی نێوان کولتووری کۆمەڵگا و ڕاگەیاندن و وابەستەبوونی هەریەکەیان بە ئەویتریان بڕوانرێت و شیکاربکرێت.

٣- توێژینەوەی هاوبەش بکرێت لەسەر ئەم دوو چەمکە و توێژەرانی هەردووبواری کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندن پێکەوە کاری لەسەربکەن .

## سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

١- محەمەد,ب.( ٢٠١٦ )"ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای جەماوەر- توێژینەوەیەکی مەیدانیە بۆ هەردوو کەناڵی ئاسمانی'ڕوداو' و 'ئێن ئارِ تی"، نامەی ماستەر لە ڕاگەیاندن – زانکۆی سەڵاحەددین. کۆلێژی ئاداب، بەشی ڕاگەیاندن،

٢- حەسۆ ،ت.و شوانی،م.(٢٠١٣)، دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣.

٣- خەلیقی ،ح.(١٩٩٠)، کۆمەڵناسی کوردەواری ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی (الحوادپ) بەغدا ، ل: ١٤

٤- میران،ڕ.(٢٠٢١)، مرۆڤناسی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٥ - نوری،ک.(١٩٨٦) ، چەمکە سەرەکیەکانی تیۆری ڕەخنەیی،سەرتایەک دەربارەی فرانکفۆر, ئۆن لاین. سەردان ڕۆژ: ٢٠٢١/٦/٤ لەسەر https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=3745&paiwandidar=2

٦- هەمەوەندی،هـ.(٢٠١١) ڕۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

٧- ئەبوبەکر،هـ.(٢٠٠٢ ) ڕۆژنامە و هەزارەی سێیەم، گۆڤاری ڕاپەرین، ژمارە (٤)، سلێمانی.

٨- حسین،ی.(٢٠٢١). ئاستەنگەکانی گەشەسەندنی کولتووری لە هەرێمی کوردستان - توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوورییە لە شاری هەولێر، تێزێکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی ئاداب کراوە لە زانکۆی سەڵاحەددین – هەولێر.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- حجاج،ا. (٢٠١٢)النقد الاجتماعی نظرية الانعكاس, مركز الدراسات والابحاث العلمانية في العالم العربي.

٢- الزكري،آ.(٢٠٠٩) العلاقة بين الإعلام والمجتمع المدني، متاح على شبكة الانترنت بتاريخ ٢٠٢٢/١٠/١١.

٣- السيد،ش.(٢٠٢١) . الصحافه.. والإعلام مرآه المجتمع، ٢٠٢٠. بەردەستە ئۆنلاین لەسەر: https://www.almasryalyoum.com/news/details/1460105(بەرواری سەردان ٢٠٢١/٨/١٦.

٤- حسو،ط.(٢٠١٩) ، دراسات في علم الاجتماع والاعلام، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان، بيروت.

٥- حمزة،ع.(١٩٦٥). الاعلام له تاريخه ومذاهبه، دار الفكر العربى، بيروت.

٦- الدليمى ،ع.(٢٠١٠)، فاعليه الإعلام الحر في معالجه المشكلات الاجتماعيه.

٧- كنعان.ع.(٢٠١٣) ، تخطيط وتنظيم البرامج الإعلاميه،، دار الأيام للنشر والتوزيع، عمان.

٨- العنزى،ع.(٢٠١٤)، دور وسائل الاعلام المحليه الكويتيه فى تعزيز الثقافه السياسيه لدى الشباب الكويتى، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الاوسط، عمان.

٩- ع شرف،ع.(١٩٨٩)، المدخل إلى وسائل الإعلام، الهية المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

١٠- على كنعان ،ع.(١٩٩٥). الاعلام والمجتمع، مطابع الهيئه المصريه العامة للنشر، القاهرة.

١١- ياسين ,ج.(٢٠١٥) به ناونيشانى" القيم الاجتماعيه فى البرامج الحواريه فى قناة NRT الفضائيه"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، قسم الإعلام.

١٢- بيلز،ڕ. و هويجر.هـ.(١٩٨٦)، مقدمة فى الأنثروبولوجيا، ترجمة محمد الجوهرى والسيد محمد الحسينى، دار الثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة.

١٣- بعلبكى ،م.(١٩٧٦ )المورود ، قاموس انكليزى عربى. دار العلم للملايين، بيروت.

١٤- الحديدي،م(٢٠١٠)فاعليه الإعلام الحر في معالجه المشكلات الاجتماعيه ، ص١٣١.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

١٥- مصطفى،هـ.(٢٠١٠) دور الاعلام قبل وأثناء وبعد أزمات والصراعات المسلحه، جامعه القاهرة.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1- Bernard ,C.(1998) The Press and forign Policy, Princeton Univ, .

2-Bowman,D.*2014) Media as a reflection of society.

3- Giddens,A.(1986) Sociology: A Brief But Critical Introduction. Macmillan Press:Second Edition .

4- Gouldner , A.(1970)The Coming Crisis Of Western Sociology. University Of Chicago Press.=

5- Lansford .J E, and Dodge,k.(2003) Cultural norms for adult corporal punishment of children and societal rates of endorsement and use of violence, Parenting: Science and Practice.

6- El Asmar،M. And Bennett, K,(2003) The Cultural Imperialism Paradigm Revisited: Origin and Evolution. In: M.G. Elasmar (ed.) The Impact of International Television A Paradigm Shift. United States, Lawrence Erlbaum Associates London.

7- Mohammed,N.(1999) Role of Media in a Developed Society, Department of Communication and Media Studies, Sarhad University of Science & Information Technology, Peshawar, Pakistan, VOL 5, NO 2.